**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٣٥٤ لە ٢٠٢٥/٧/٣١**

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (سەرتەنگا نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئامـاژە بە هەر دوو نووسـراوی پارێزگـای دهـۆک ژمـارە (٦٧٩٨ لە ٢٠٢٤/١١/١١) و (٣٨٩٥ لە ٢٠٢٥/٧/١) ودوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٠٤٢ لە ٢٧ /٢٠٢٥/١ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**سەرتەنگا نوی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦ ) و ماددەی (دووەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائیمقامیەتی قەزای سێمێل / لە سنووری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٩٨ دۆنم ) نەوەت و هەشت دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٤) لە کەرتی (١٥/طنک دلب) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیـانە لە ڕۆژی بڵاوبـوونەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) کـاری پێدەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٦٤٢٥ لە ٢٠٢٥/٨/٤**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێـی بـڕگە (٢) لە مـاددەی (١٧) لە یاسـای وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٠) وە بەپێـی نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران / سـەرۆکایەتی دیـوان ژمـارە (٦٥٢٤ لە ٢٠٢٥/٥/٢٥) وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بریارمان دا بە :-

١- کـردنەوەی (تێبینەرایەتـی بـاجی دەرامەت و خـانووبەرە) لە قەزای کفـری لە سـنوری ئیـدارەی گەرمیان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان ) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**